**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمـارە (٥)ی سـاڵی ٢٠٢٣**

بەپێـی ئەو دەسـەڵاتەی پێمانـدراوە لە بـڕگەی (یەکەم)ی مـاددەی (دەیەم) لە یاسـای سـەرۆکایەتیی هەرێمـی کوردسـتان ژمـارە (١)ی سـاڵی ٢٠٠٥ی هەمـوارکراو و پاڵپشـت بە یاسـاکاریی پەرلەمـانی کوردسـتان کە لە دانیشـتنی ئاسـایی ژمـارە (١٤)ی رۆژی ٢٠٢٢/١١/٢٩ کردوویەتـی، بڕیارمانـدا بە دەرکردنی:

**یاسای ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٢**
**یاسای هەمواری پیادەکردنی یاسای بەڕێوەبردنی ئەوقافی عێراقی**
**ژمارە (٦٤)ی ساڵی ١٩٦٦ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**

پیـادەکردنی خـاڵی (٢) لە مـاددەی (٢)ی یاسـای بەڕێـوەبردنی ئەوقـافی عێراقـی ژمـارە (٦٤)ی سـاڵی ١٩٦٦ی هەموارکراو، هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

٢- وەقفی پاشکۆ، لە کاتی نەمانی لە ئەستۆگرتنی یان دەستپێکێشانەوەی لە ئەستۆکراو، بە بڕیارێکی ئەنجوومەنی لێپرسینەوە یان دادگای باری کەسی، و لە بەرامبەر بەڕێوەبردنـدا بـڕی (٣٥٪) سـی و پێنج لە سەدی کۆی گشتی داهاتەکە وەردەگرێت.

**ماددەی (٢):**

پیـادەکردنی خـاڵی (١) لە مـاددەی (٤)ی یاسـای بەڕێـوەبردنی ئەوقـافی عێراقـی ژمـارە (٦٤)ی سـاڵی ١٩٦٦ی هەموارکراو، هەموار دەکرێت و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:-

١-

أ- دیوان چاودێری وەقفە پاشکۆکان دەکات، لە لەئەستۆگرانی دەپرسێتەوە، لەبەرامبەردا (٣٠٪) سـی لەسەدی کۆی گشتی داهاتی هەر وەقفێک وەردەگرێت، و لە کـاتی گـۆڕینی وەقفکـراو بـۆ موڵـک لە ڕێگەی سەرپێچی و زێدەڕۆیی سکاڵا بەرزدەکاتەوە.

ب- دیوان بە مەرجێک بڕی (٣٠٪) سی لەسەدی کۆی گشتی داهاتی هاتوو لە خاڵی (أ) وەردەگرێـت، کە لەدوای جێبەجێکردنـی مەرجەکـانی وەقفکـار بـڕەکە لە نـۆژەنکردنەوەی مـزگەوت و حـوجرە و قوتابخانە ئیسلامییەکاندا خەرج بکات.

**ماددەی (٣):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٤):**

کار بە دەقی هیچ یاسا یان بڕیارێک ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێت.

**ماددەی (٥):**

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆیەکانی دەرچوواندن**

بەمەبەستی ڕێکخستنی داهات و خەرجییەکان لە وەقفە پاشکۆکان، و بەکارهێنانی بۆ خزمەتکردنی مزگەوت و حوجرە و قوتابخانە ئیسلامییەکان بە مەرجی لەبەرچاوگرتنی مەرجەکانی وەقفکار، ئەم یاساییە دەرچووێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٣/٢/٥**